# ئەخیرەن 4-14 کرا بە ڕۆژی ئەنفال

## عەلی مەحموود محەمەد

دوای 19 ساڵ لە کارەساتی ئەنفال , دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان , دوای 12 ساڵ لە نووسینەوەی یەکەم بەیانی فەرمی کە تیایدا داواکراوە 4-14 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت , هەمان بەیان لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەربلاوی بلاوکراوەتەوە , دوای ئەوەی ترسی هەڕەشەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەرمەزاری بەرپرسان لە نەهێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی کەس و کارەکانمان تۆقاندیانی , دوێنی 4-4 بڕیار لەسەر ئەوە درا 4-14 بەڕۆژی ئەنفال بناسرێت , با پێکەوە سەیری ئەم هەواڵە بکەین :

**" پیشنیوەرۆی دوینێ 2007/4/4، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جیگری سەرۆکی ئەنجومەن، لەتەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد.**

**لەکۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر پرۆژەی بریاری دانانی رۆژی 4/14ی هەموو ساڵیک بەرۆژی ئەنفالکراوەکان وەرگیرا ".**

لێرە جێی خۆیەتی بپرسین ئایا وەرگرتنی ئەم بڕیارە ئەوەندە گران بوو ئەم هەزاران ڕۆژەی پێویست بوو تاکو پاش ئەو ماوە دوورو درێژە , ئەو هەموو ساڵە , ڕۆژێك بۆ قوربانیانی ئەنفال تەرخان بکەن لە کاتێکدا لە ولاتێکدا دەژێین ژمارەی ڕۆژە پشوەکانی زۆر زیاترە لە ڕۆژەکانی کارکردن , باشە باشتر نابوو ئەو بڕیارە لە پەرلەمانەوە وەك بڕیارێکی فەرمی دەربچوایا ؟ , بەهەر حاڵ بەفەرمی ناسینی ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەم لە کەس و کاری قربانیان و هەموو ئەوانەی بیریان کردەوە لە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال , یان کارێکیان بۆیکرد , هەرچەندە ئەوە 12 ساڵە بە پراتیك 4-14 ڕۆژی ئەنفالە . پاشان دەڵێن :

**"  گفتوگۆ لەسەر ئەوەش کرا کە مۆنیۆمینتی ئەنفال لەهەولیری پایەتخت زیاتر بایەخی پیَبدریت و بەرەوپیشببریت، بۆئەوەی ببیتە موزەخانەیەک کە هەموو رووداوو بەڵگەکان لەخۆبگریت لەسەر ئەو تاوانە گەورەیەو ئەنفال لەیادی تاکی کوردستانیان و نەوەکانیدا بمینیت.**

**تاووتویی ئەوەشکرا کەهیمایەک بۆ ئەنفال لەهەریەک لەو شوینانە دروستبکریت، کەئەنفالی لیَ ئەنجامدراوە "** لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەین , دروستکردنی مۆنمێنتێکی مەرکەزی لە هەولێر , زەنگی ئەوەش نییە لە داهاتوودا بەهەمان شێوە ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال بهێننەوە بۆ هەولێر , ئەمەش هەر فتی فتییەکەیە , هەڵەبجە بۆ یەنك و ئەنفالیش بۆ پارتی , کەچی پارتی ڕوفاتی پیرۆزی بارزانییەکانی تاکو بلەو بارزان ڕانەگرت , بۆیە ئێمەش ڕێگە نادەین ڕوفاتی کەس و کارمان , پاشماوەی ئازیزانمان بەهەر ناوێکەوە بێت لە بان مەڤان بەمەدیودا بێت , مەزاری ئازیزانمان دەبێت لە چەقی قورسایی تاوانەکە بێت .

http://pukmedia.com/kn-htm/Kn27.htm